ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

31
10ی ئازار / مارس 2022



## کۆتایی حکومەتی هەرێم!!

موحسن کەریم

حکومەتی هەرێم بە ڕواڵەت ماوە، دەنا لە هەموو ڕوویەکەوە کۆتایی پێهاتووە. ئێستا سەرکردەی حزبە دەسەڵاتدارەکان خۆشیان ئەو مەسەلەیە ناشارنەوەو باسی مەترسی جدی لەسەر ئایندەی هەرێم و حکومەت دەکەن.

لە ڕوانگەی ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە، لەڕوانگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و بەڕێوەبردنی ژیانی ئابوریەوە، حکومەتی هەرێم هیچ شتێکی ئەوتۆی لێ نەماوەتەوە. چەندین ساڵە کێشەی پێدانی مووچە هەیەو نەیتوانیوە ئەو گرفتە چارەسەر بکات. کرێکاران و کارمەندان و مووچەخۆرانی کەرتی حکومی دیارنیە کەی مووچە وەردەگرن و چەند وەردەگرن و بەتەواوی شیرازەی ژیان و بەرنامەی ژیانیان تێکچووە. کێشەی ئاوو کارەباو سوتەمەنی و خەستەخانەو خوێندن و شارەوانی و .... تاد. هەموویان وەکو گرێکوێرەیان لێهاتوەو بە هیچ شتێک ناکرێنەوە!

پرۆژە ئابوریەکان، بێجگە لەوانەی کە لەلایەن حزب و بەرپرس و کۆمپانیاکانی حزبە دەسەڵاتدار و هاوبەشەکانیانەوە خاوەنداری دەکرێن، وەستاون و بەوجۆرە فرسەتی کار بۆ دەیان هەزار گەنج و کەسی ئامادەبەکار لە سفر نزیک بۆتەوە.. کرێ و هەقدەست بەڕادەیەک لە خوارەوەیە کە تەنانەت ژیانێکی کەلومەرگی بۆ خێزانە کرێکاریەکان دابین ناکات. هەژاری ڕەها باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە. لەم نێوەدا خەڵک

بۆ لاپەڕە 2

## نا بۆ جیهانێکی میلیتاریستی، نا بۆ جەنگ!

بەیاننامەی سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق و حکمەتیست -خەتی رەسمی

بۆ دوا لاپەڕە



## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

ئەندامی مەکتەبی سیاسی

سەبارەت بە هێرشی ڕوسیا بۆسەر ئۆکرانیا

بۆ لاپەڕە 3



## یادی ڕاپەڕین!

عوسمان حاجی مارف

دوای سی و یەک ساڵ لەدەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتی و هاوپەیمانەکانیان کە مایەی ئەوپەڕی نائەمنی  و نا سەقامگیری و گێژاوی سیاسی بوون و هەن لە کوردستاندا، خەریکن بە لێدانی دەفی سواوی کۆنەپەرستی بیروسیاسەتەکانی کوردایەتیەوە، لە ژێر پەردەی یادی ڕاپەرینەوە، سەمادەکەن و بەردەوامی بە چەواشەکاری ئەدەن. هەڵبەتە ئەوە خاڵی لاوازی ئەو ڕاپەرینە بوو کە لە ساڵی ١٩٩١دا فرسەتی دا بە بزوتنەوەی کوردایەتی

بۆ لاپەڕە 7



## خەبات لەدژی دۆخی ناهەمواری ژنان ڕوویەکی تری واقعیەتی کۆمەڵگەی کوردستانە!

دەشتی جەمال

بۆ لاپەڕە 9

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.... کۆتایی حکومەتی هەرێم

لەبەردەم بەرداشی دابینبوونی ژیان و گوزەران و تاریکی و ناڕوونی ئایندەی سیاسیاندا قەراریان گرتوە.

حزبە دەسەڵاتدارەکان لەسەر دزینی داهاتی کوردستان ململانێیەکی نەبڕاوەیان دەست پێکردوە. هەریەکەیان وەکو ڕێگر دەستی بەسەر داهاتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا گرتوە. بۆ بەشداریان لە تالان و بڕۆی حکومەتی عێراقیش کێشەیەکی ئابڕووبەرانەیان لەسەر پۆستەکانی سەرۆک کۆمار و وەزیرەکان بەرێخستوە. لەڕووی سیاسیەوە لە خراپترین دۆخدان و نە حکومەتی عێراق حسابێکیان بۆ دەکات و نە دۆستە ئەمریکی و ئەوروپیەکانیان! تەنانەت لەبەردەم دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیادا کە دوو حزبی یەکێتی و پارتی، وەکو دوو حزبی سەرەکی دەسەڵاتداری حکومەتی هەرێم، خۆیان بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری ئەوانەوە گرێداوەتەوە، ئامادە نین ئیمتیازەکانی جارانیان بدەنێ و دەیانەوێ لە پێگەیەکی ڕیسواتردا خزمەتیان بکەن و گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانیان بن!

ئەم بارودۆخە بەتەواوی ئایندەی سیاسی کوردستان و خەڵکەکەی ڕووبەرووی ناڕۆشنی و سەرگەردانی و لێڵی کردوەتەوە. ژیانی خەڵکی خستوەتە ناو گێژاوێکەوە کە ئەوسەری دیار نیە! لەپاڵ ئەم دۆخەدا مەسەلەی دەسەڵات-پەیداکردنەوەی حکومەتی ناوەندی بەسەر کوردستاندا وەکو پرسیک لێرەو لەوێ باسی لێدەکرێ. بگرە لای بەشێک لە خەڵک وەکو تروسکایی ئومێدیک بۆ باشتربوونی گوزەران و بەهەرەمەندبوون لە خزمەتگوزاریەکان و کۆتاییهاتن بە پرسی برین و نەدانی مووچەو گرانی سوتەمەنی و... تاد. تەماشا دەکرێت.

بەڵام بڕیار نیە خەڵکی کوردستان لەناو گێژاوی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم یان حکومەتی ناوەندیدا بسوڕێنەوە. ئەگەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە بە کردەوە کوردستان لە عێراق جیابۆتەوە، بەڵام دەسەڵات کەوتوتە دەست کۆمەڵێک مافیا و چەتەی کوردایەتی و هاوبەشەکانیان لە حزبە ئیسلامیەکان، کە پێچەوانەوەی ئاوات و ئومێدەکانی خەڵکەوە کۆمەڵگایان بەڕێوەبردووە ئەم ڕۆژە ڕەشەیان بەسەر خەڵکدا هێناوە، ئەوا چارەسەر گەڕانەوە نیە بۆ باوەشی حکومەتی ناوەندی! ئەوەی تا ئێستا ڕوویداوە ئاکامی خۆشباوەری خەڵک بوە بەو حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی و شوێن کەوتنی سیاسەتەکانی ئەوان. بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە خەڵک خۆشباوەریەکان و نائومێدیەکان لەگۆڕ بنێن و بە ئومێدەوە بڕوانە ئایندەی سیاسی و باشکردنی ژیان و گوزەرانیان.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان پشت بەخۆیان ببەستن، خۆیان ڕێک بخەن لەناو شورا و ڕێکخراوە جەماوەریە جۆراوجۆرەکاندا، لەپاڵ یەکتردا ڕابوەستن، خۆیان جیابکەنەوە لە ئاسۆی سیاسی و سیاسەتەکانی سەرجەم حزبە بۆرژواییەکان ( چ دەسەڵاتدار و چ بەناو ئۆپۆزیسیۆن)... کاتی ئەوەیە لە دەوری بەرنامە و سیاسەتێکی ڕادیکاڵ و سۆشیالیستی کۆببنەوەو تێبکۆشن بۆ دیارکردنی ئایندەی سیاسی خۆیان. کاتی ئەوەیە کە هەنگاو بەهەنگاو بناغەکانی دەسەڵاتداریتی جەماوەری دابمەزرێنن و دەسەڵاتی نیوەمردووی حکومەتی هەرێم لەکار بخەن. کاتی ئەوەیە دەسەڵات بۆ خەڵک بگەڕێتەوە نەک درێژەدان بە تەمەنی حکومەتی نیوەمردووی هەرێم یان گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی! ئێستا کاتی ئەوەیە کۆتایی مێژووی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کوردو بزوتنەوەی کوردایەتی لەلایەن خەڵکەوە ڕابگەیەنرێت!

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

# گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە هێرشی ڕوسیا بۆسەر ئۆکرانیا

**ئۆکتۆبەر: دوای چەند ساڵ لە بارگرژیی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا سەرەنجام ڕۆژی ٢٤ی ئەم مانگە ڕوسیا هێرشی سەربازی بۆسەر ئۆکرانیا دەست پێکرد. ئێوە پاشخان و هۆکاری ئەم جەنگە لەلایەن ڕوسیاوە بۆ چی دەگێڕنەوە؟ ئایا مەسەلەکە دەعوایەکی مێژووییە سەبارەت بەوەی خاوەندارێتی ئۆکرانیا لەلایەن ڕوسیاوە یاخود مەترسی گەماڕۆدانی ڕوسیایە لەلایەن ناتووە لەئاکامی پەیوەستبوونی ئۆکرانیا بە ناتووە؟**

ڕێبوار ئەحمەد: ئەگەر دەعوایەکی مێژوویش لەئارادا بێت، بەڵام ئەمە ناتوانێ هۆکارە واقعییەکانی ئەم جەنگ و پەلامارەی ئێستای ڕوسیا بۆسەر ئۆکرانیا و بەرامبەرکێی زلهێزەکان نیشان بدات. چونکە لە ڕاستیدا ئەم جەنگە بەشێکە لە کێشمەکێشی دەوڵەتانی ئیمپریالیست و زلهێزی جیهان لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەی نفوز لە هەلومەرجی تازەی جیهاندا. مەبەستم لە هەلومەرجی تازەی جیهان ئەوەیە کە ئیتر ئەو دەورانە بەسەرچوو کە ئەمریکا لە هەوڵی سەپاندنی نەزمی تاک جەمسەریدا بوو بەسەر جیهاندا. ئێستا ئیتر هەلومەرجێکی تازە هاتوەتە ئاراوە و جیهان پێی ناوەتە ناو نەزمێکی تازەی چەند جەمسەرییەوە. جگە لە ئەمریکا، چین و ڕوسیا و ئەورووپا..و... خەریکن وەکو زلهێزی جیهانی خۆیان نیشاندەدەن و بەشی خۆیان دەوێ. هەرچەند هێشتا ڕیزبەندییەکان وەکو بلۆکی یەکدەست خۆیان بەرجەستە نەکردوە و خاوەن ئینسجامێکی تەواو نین لەسەر مەسەلەکانی دنیای ئەمڕۆ، بەڵام جەنگ و کێشمەکێش و نمایشی هێزەکان سەرجەم بەشێکن لە پرۆسەی شکڵگرتن و جێگیرکردنی دنیای چەند جەمسەری.

ئەو جەنگە ملهورانە و درندانەیەی ئێستا لە ئۆکرانیا بەرپا بووە، لە ڕاستیدا جەنگی نێوان ڕوسیا لەلایەک و ئەمریکا و ناتۆیە لەلایەکی ترەوە. جەنگی تەسفیەحسابی ئەم جەمسەرە کۆنەپەرستانانەیە و مەیدانەکەی ئۆکرانیا و قوربانییەکەی خەڵکی بێتاوانی ئۆکرانیایە. ئەم شەڕە نابێ وەکو شەڕی یەکلایەنەی ڕوسیا لە دژی ئۆکرانیا چاوی لێبکرێت، بەڵکو شەڕی دوو بەرەی کۆنەپەرستی جیهانییە کە ئۆکرانیای کردوە بە مەیدانی خۆی. لەم شەڕەدا بەو ئەندازەیەی کە ڕوسیا وەکو دەستپێکەری شەڕ و هێرشبەری درندانە ڕۆڵی هەیە، بەهەمان ئەندازە ئەمریکا و ناتۆ ڕۆڵیان هەیە و بەشدار و بەرپرسن لە خولقاندنی ئەم جەنگە و زەمینەکانیدا. تەنانەت ڕژێمی ئێستای ئۆکرانیا کە بووە بە مەقاشی دەستی ناتۆ، بەشدارە لە هەڵگیرسانی ئەم شەڕە و هەر بەم پێیەش لایەنە لە شەڕەکە و لە ناڕەوابوونی شەڕەکە لە هەموو لایەنەکانیەوە. میدیای ڕۆژئاوا دەیەوێ وا نیشان بدات کە ڕوسیا بە تەنیا هۆکار و ئەنجامدەری شەڕەکەیە، بەمجۆرە دەیەوێ تاوانباری و تاوانکاری لایەنەکانی تر لە پشت تاوانکاری و تاوانباری ڕوسیا و پوتینەوە بشارێتەوە. بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین ئەم جەنگە بەدوای ئەو هەنگاوانەدا دێت کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ کورتکردنەوەی دەستی ڕوسیا و دابڕینی ناوچەکانی نفوزی ئەو، پێشتر دەستیان بۆ بردوە. واتە بەدەر لەوەی مەیدانی جەنگەکە کوێیە و ڕواڵەتەکەی چیە، لە ناوەڕۆکدا و لە واقعدا جەنگی ئەم زلهێزانەیە کە وەکو دوو جەمسەری جیهانی ئەمڕۆ لە کێشمەکێشدان لەسەر پێگە و ناوچەی نفوزی خۆیان.

بۆ تێگەیشتنی دروست لە زەمینە و هۆکارەکانی ئەم شەڕە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەبێ میلیتاریزم و هەوڵی هێزنیشاندان و پاوانخوازی ڕوسیا لەنێو هەلومەرجی تازەی جیهاندا ببینین، دەبێ جموجوڵ و سیاسەتی پاوانخوازی لایەنی بەرامبەریش ببینین. دەبێ سەرنج بەرینە سەر ئەوەی کە دەمێکە ئەورپا ڕەوتی دوورکەوتنەوە لە ئەمریکای گرتوەتە بەر و لەژێر ڕابەریی ئەمریکا دەرچوە و بە ئاراستەی دەرکەوتن وەکو جەمسەرێکی جیاواز ئاراستەی گرتووە. هەروەها دەمێکیشە جێگاوڕێگای ناتۆ بەرەو لاوازی دەڕوات و تەنانەت مانەوەی بەتەواوی لەژێر پرسیاردایە. ئەمریکا زۆر پێویستی بە ڕێگا و هۆکارێک هەبوو کە هەم ئەورووپا بەریتەوە ژێر ڕابەریی خۆی و هەم ناتۆ ببوژێنێتەوە و پێویستییەکەی لەناو هەلومەرجی تازەدا پێناسە و بەرجەستە بکاتەوە. هەر بۆیە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لەوەی کە زەمینەکانی ئەم شەڕە بخوڵقێنێ لە ڕێگای هێنانەمەیدانی ئەندامەتی ئۆکرانیا لە ناتۆ و بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ناتۆ لە لێواری سنوورەکانی ڕوسیا. لە کاتێکدا بەپێی ڕێکەوتنی پێشووتریان نەدەبوو هێزەکانی ناتۆ لە دەورووبەری ڕوسیا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات بڵاوە پێبکەن. ئەمریکا ئەندامەتی ئۆکرانیای لە ناتۆ هێنایە گۆڕێ، هەڵبەت ئەم هێرشەی ڕوسیا لەم ئەبعادە فراوانەدا چاوەڕوانکراو نەبوو تەنانەت بۆ خودی ئەمریکاش. بەڵام ئەگەر کاردانەوەی ڕوسیا ملدان بوایە بەوەی ئۆکرانیا ببێت بە ئەندامی ناتۆ، ئەوکات سوپای ناتۆ دەگەیشتە سەرسنووری ڕوسیا. ئەگەریش کاردانەوەکەی ڕوسیا کە ئەوپەڕی چاوەڕوان دەکرا هێرشێکی سنووردار بوایە بۆ هەندێک ناوچەی ئۆکرانیا، لە دوو ڕووەوە بەرژەوەندی

ئەمریکای دەستەبەر دەکرد؛ هەم لەو ڕووەوە کە ناتۆ ببوژێنێتەوە و ئەوروپا ڕابکێشێتەوە بۆ ژێر باڵی خۆی، هەم لەو ڕووەوە کە ڕوسیا دەرگیری جەنگ و تەریک کەوتنەوە و گوشاری گەورەی ئابووری و سیاسی ببێت و گورزێکی ئابووریی زۆر قورسی لێ بکەوێ. بۆیە لەم چەند ساڵەی دواییدا هەمیشە ئەمریکا خەریکی بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ناتۆبووە لە نزیک سنوورەکانی ڕوسیا.

بەکورتی پاش شکست و ناکامی ئەمریکا لە سەپاندنی دنیای تاک جەمسەری، چەندین ساڵە کێشمەکێشی دابەشبوونەوەی جیهان و ناوچەی نفوز لە نێوان زلهێزە ئەمپریالیستەکان لەئارادایە. جەنگ و کێشمەکێشە ئابووری و سیاسییەکانی ئەم چەندین ساڵە، ئەو جەنگانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لیبیا و ئەفغانستان و یەمەن کە بە جەنگی بە وەکالەت ناسرابوون، هەوڵی گەمارۆدانی چین لە ئۆقیانوسی ئارام لەلایەن ئەمریکاوە، هەموو بەشێک بوون لەم کێشمەکێشە و لە پرۆسەی دابەشکردنەوەی جیهان و ناوچەی نفوز لە نێوان زلهێزەکان. ئەمڕۆش درێژەی هەمان ڕەوەند لە ئەوروپا و لە هێرشی ڕوسیا بۆسەر ئۆکرانیا بەردەوامی هەیە. لەلایەکەوە چین و ڕوسیا و هاوپەیمانەکانیان و لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا و ناتۆ و ئەوروپا. بەڵام هێشتا جەمسەرەکان وەکو بلۆکی یەکدەست و مونسەجیم شکڵیان نەگرتوە لەبەرئەوەی هێشتا لە ڕووی ستراتیژییەوە یەکدەست نین، لەسەر هەندێک مەسەلە یەکدەست و لەسەر هەندێکی تر جیاوازی و تەنانەت ناکۆکییان هەیە.

**ئۆکتۆبەر: لە بەیاننامەی حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بەو جەنگە، دەوترێ کە ئەمە سەر ناکێشێتە بەرپابوونی شەڕی جیهانیی سێهەم یان گەڕانەوە بۆ جەنگی سارد، بەڵام دەشڵێن کە ئەم هێرشە دەستپێکی ڕۆچونی جیهانە بەرەو قۆناغێکی تازە لە پێکدانان و کێشمەکێش و سەربازگیری بلۆکەکان! ئایا پێکدادان و کێشمەکێشی سەربازیی بلۆکەکان چ مانایەکی هەیە بێجگە لە جەنگێکی سەراپاگیری جیهانی!؟**

ڕێبوار ئەحمەد: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە میدیای ڕۆژاوا پروپاگەندەیەکی جەنگیی زۆر گەورەی بەڕێخستوە و دەیەوێ وا نیشان بدات کە جیهان لە لێواری جەنگێکی جیهانیدایە، یان دۆخەکە بەرەو گەڕانەوە بۆ جەنگی سارد ئاراستەی گرتوە. زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا شەڕی دەروونی لەگەڵ خەڵک دەکەن و ناڕاستەوخۆ خەڵک هاندەدەن بۆ خۆئامادەکردن بۆ جەنگ، بازاڕەکانی خواردن بە تایبەتی خواردەمەنی لە قوتوخراو کە ئیمکانی هەڵگرتنی هەیە، خەریکە قاتوقڕی تێدەکەوێت. میدیای نۆکەر بە ئەنقەست و بە مەبەست زیادەڕۆییەکی زۆر دەکات لە پروپاگەندی جەنگی. ئەم کارە دەکەن بۆ ئەوەی پێویستی نەخشەوپلانە میلیتاریستییەکانی خۆیان نیشانبدەن. بەمجۆرە خەریکی پێشبڕکێی چەکن و زەمینە بۆ بردنە پێشەوەی ئەو بەرنامانەی خۆیان دەڕەخسێنن کە هەر پێشتر لە دەستوریاندا بوو. دەهۆڵی بەرپابوونی جەنگی جیهانی دەکوتن بۆ ئەوەی دەورەیەکی تازە لە میلیتاریزم ڕەواج پێبدەن، دەهۆڵ بۆ پێویستیی ناتۆ دەکوتن بۆ ئەوەی ناتۆ ببوژێننەوە، دەهۆڵ بۆ پێویستیی سوپای یەکگرتووی ئەوروپا دەکوتن بۆ ئەوەی ئەو سوپایە دامەزرێنن. دەهۆڵ بۆ مەترسی جەنگی جیهانی دەکوتن بۆ ئەوەی ڕەوایی بدەن بە خۆپڕچەک کردن و حەقانییەت بدەن بە تەرخانکردنی داهات و بودجەی زەبەلاح و میلیتاریزم. بەیاننامەکە دەیەوێ پەردە لەسەر ئامانجی ئەم پروپاگەندە چەواشەکەرانەیە هەڵماڵێت.

جەنگی جیهانی لەئارادا نیە، بەڵام میلیتاریزم خەریکە شەرعیەت وەردەگرێت و پەرەدەسەنێ. ئەم هێرش و پەلامارەی ڕوسیا بۆسەر ئۆکرانیا و ئەم فەزایەی بەرپاکراوە، جارێکی تر گیان دەکاتەوە بە بەر ئەو میلیتاریزمە شکستخواردوەی کە بەڕابەریی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەستی پێکرد و بە تایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کرد بەگۆمی خوێن و خەڵکی ناوچەکەی لە ناو ئاگری شەڕ و تاقیکردنەوەی چەکی مودێرندا سوتاند و وێرانی کرد. ئەو دەورەیە لە لەشکرکێشی و میلیتاریزم سەرئەنجام دوای چەند دەهە شکستی خوارد. جگە لەوەی کەوتەبەر نەفرەت و ناڕەزایەتی خەڵکی ئازادیخوازی جیهان، خۆی لە مەیدانی واقعدا لە ڕووی سیاسییەوە شکستی خوارد و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ناچاربوون دەستی لێ هەڵگرن و پاشەکشە بکەن بەبێ ئەوەی بە ئامانجەکانیان بگەن. بەڵام ئەم هێرشەی ڕوسیا هەر لە ئێستاوە گیانی کردوەتەوە بەبەر میلیتاریزمدا. سەرجەم دەوڵەتانی بۆرژوازی زلهێز کەوتونەتە پێشبڕکێی سەربازی و چەکی وێرانکەر و مۆدێرن، داهاتێکی سەرسوڕهێنەریان بۆ جبەخانەی سەربازی تەرخانکردوە و ڕاشکاوانە ئاسایشی جیهان گرێدەدەن بە چەک و سەرباز و پەیمانە سەربازییەکانیانەوە.

بەڵام سەرباری سەختی و کارەساتباری ئەوەی ئێستا لە ئۆکرانیا دەگوزەرێ، نە ئەم دۆخەی ئێستا ڕووی لە بەرپابوونی جەنگێکی جیهانییە و نە جەنگێکی وا لە بەرنامەی زلهێزەکاندایە. تەنانەت ئێمە شایەتی ئەوەین کە سەرباری ئەو بەڵێنانەی ناتۆ و ئەمریکا بە ئۆکرانیایان دابوو، سەبارەت بەوەی ئەگەر ڕوسیا پەلاماری بدات، لەگەڵ کاردانەوەی توندی ناتۆ و ئەمریکا بەرەوڕوو دەبێت. بەڵام بە بەهانەی ئەوەی ئۆکرانیا ئەندامی ناتۆ نیە و لە ڕاستیدا لە ترسی ئەوەی چوارچێوەی جەنگەکە فراوانتر نەبێتەوە، جگە لە کۆمەکی لۆجستی و دانی چەک و فشاری ئابووری هیچی تریان لە دەست نەهاتوە، مەبەستم کاردانەوە و کردەوەی سەربازییە.

بیهێننە بەرچاو ساڵی ١٩٩١ بەبەهانەی ئەوەی کە ئالی سوباح لەسەر کورسی حوکمی کوەیت ڕاونرابوون، چی لەشکرکێشی و هاوپەیمانێتییەکی زەبەلاحیان بۆ جەنگی دژی سەدام بەرپاکرد! لە ڕاستیدا ئەمجارە لەم بارەیەوە گشت جەمسەری ناتۆ لاوازییان لە خۆیان نیشاندا. چونکە باش ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئەگەر هەر کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان هەبێت کە ببێتە مەترسی فراوانبوونەوەی جەنگەکە لە ئەوروپادا، ئیتر لە کۆنترۆڵیان دەردەچێت و براوە و دۆڕاوی تیا دیار نامێنێت. زلهێز و جەمسەرەکانی دنیای ئەوڕۆ هەموو خاوەن چەکی ئەوتۆن کە دەتوانن هەموو گۆی زەوی نابوت بکەن، ئەگەر بکەونە جەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر هیچیان براوە نابن و دنیا دەکەوێتە بەردەم مەترسی نابوتیی یەکپارچە. بۆیە شەڕەکەیان لەدژی یەکتری بۆ دابەشکردنەوەی جیهان لە نێوان خۆیاندا لە مەیدانی سیاسی و ئابووری ڕاستەوخۆ و لە مەیدانی سەربازی ناڕاستەوخۆیە.

**ئۆکتۆبەر: بەشێک لە لێکدانەوەکان سەبارەت بەم ڕووداوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم هەنگاوە سەربازییەی ڕوسیا ئاکامی کۆتایی هاتنی دنیای یەک جەمسەرییە بە سەرکردایەتی ئەمریکا و شکڵگرتنی دنیای فرە جەمسەری و بلۆکە ئابووری- سیاسی- سەربازییەکانە کە زۆرتر باس لە ئەمریکاو ئەوروپا و چین و ڕوسیا دەکرێ. ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم لێکدانەوەیە بە دروست دەزانن؟**

ڕێبوار ئەحمەد: بە بڕوای من هیچ کات دنیا و نەزمی یەک جەمسەری بەڕابەریی ئەمریکا شکڵی نەگرت و دانەمەزرا، تاوەکو ئەمڕۆ باسی کۆتاییهاتنی بکرێت. ئەوە نەخشەی ئەمریکا بوو، هەر لەو پێناوەدا چەندین جەنگی بەرپاکرد و لەشکرکێشی کرد. لە جەنگی یەکەمی کەنداوەوە بۆ لە خوێن هەڵکێشانی عێراق بە بەهانەی داگیرکردنی کوێت، تا هێرش بۆسەر ئەفغانستان بە بەهانەی تیرۆریزم، تا داگیرکردن و خاپور و وێرانکردنی عێراق بە بەهانەی لەناوبردنی چەکی کۆکوژ، تا جەنگی سوریا و لیبیا و یەمەن... هەموو بریتی بوون لە هەوڵ و تەقەلای ئەمریکا لە ڕاستای سەپاندنی نەزمێکی نوێی جیهانی بەڕابەریی تاکلایەنەی خۆی. بەڵام ئەو نەزمە بەرلەوەی بە کردەوە شکڵ بگرێت شکستی خوارد. ئەو نەخشە و پلان وسیاسەتەی ئەمریکا لەو پێناوەدا گرتیەبەر لە هەموو مەیدانەکاندا ناکام مایەوە. بەگشتی سیاسەتی میلیتاریستی و لەشکرکێشی دوچاری شکست بوو.

بەڵێ منیش وای دەبینم کە ئێتر جیهان پێی ناوەتە ناو نەزمێکی چەند جەمسەرییەوە. ئەم جەنگەی ئێستاش بەشێکە لە بەرامبەرکێی جەمسەر و زلهێزەکانی ئەم دنیای چەند جەمسەرییە لەسەر دابەشکردنەوەی جیهان لە نێوان خۆیاندا. بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەم هێرشەی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا سەرەتای دەورەیەکی تازە دەبێت لە لەشکرکێشیی ملهوڕانە، سەرەتای دەورەیەکی تازەیە بۆ ئەوەی میلیتاریزم و چەک و تەنانەت چەکی ئەتۆمی وەکو زەمانەتی ئاسایشی دنیا وێنا بکرێت. هەر وەکو دەبینین ئەمڕۆ بازاڕی چەک لە هەموو شت گەرمتر بووە. لەسەریەک جەخت لە بوژاندنەوە و بەهێزکردنی ناتۆ دەکرێت، لەلایەکی ترەوە باسی پێکهێنانی سوپای سەربازیی تایبەتی ئەوروپا دەکرێت. بودجەیەک کە بۆ چەک و جەنگ و سوپا خەرج دەکرێت، ئەگەر تەرخان بکرایە بۆ پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، دەکرا سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەبێ جەنگ و چەک و میلیتاریزم، نوقمی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بکرایە. بەڵام لەجیاتی ئەوە خەریکن ئەو بودجە زەبەلاحە بۆ عەسکەرتاریزم و کوشتاری مرۆڤایەتی و وێرانکاری خانە و لانەی خەڵک خەرج دەکەن.

**ئۆکتۆبەر: بەپێی ئەوەی کە ئەمریکا جێگاوڕێگای سەرکردایەتی جیهانی لەدەستداوە، بەهەمان شێوە سەرکردایەتی بۆ هاوپەیمانی ناتۆ بەرەو کۆتایی دەڕوات، یان ڕاستتر بڵێین بنەماکانی مانەوەی ناتۆ نەماوە. چەندین جاریش وڵاتانی ئەوروپی، بەتایبەتی ئەڵمانیا و فەرەنسا باسی هێزی سەربەخۆی سەربازیی ئەوروپا دەکەن. ئەگەر وایە ترسی ڕوسیا لە فراوانبوونەوەی ناتۆ چیە؟**

ڕێبوار ئەحمەد: مەسەلەکە تەنها نیگەرانیی ڕوسیا لە فراوان بوونەوەی ناتۆ و نزیکبوونەوەی لە سنورەکانی ڕوسیا نیە، ڕوسیا دەیەوێ پێگەی خۆی لەنێو نەزمی تازەی دنیا بەهێز بکات، دەیەوێ ناوچەی نفوزی خۆی دیاری بکات و دایسەپێنێ. دەیەوێ ئۆکرانیا ناوچەی نفوزی خۆی بێت و لەلایەن ڕژێمێکی پرۆڕوسیەوە بەڕێوە ببرێت. یان لانی کەم بێلایەن بێت. ناتۆ هەبێت یان نەبێت جەمسەر و زلهێزەکانی دیکە بە تایبەت ئەمریکا و ئەورپا هەن، ڕوسیا ناتوانێ دەستەوەستان لە دوورەوە تەماشای ئەوە بکات کە ئۆکرانیا بچێتە پاڵ جەمسەرەکانی تر و ببێت بە نفوزی ئەوانی تر و لەژێر ڕکێف و نفوزی خۆی دەرچێت. لە هەمانکاتدا ئەم پەلامارە دەرفەتێکی داوە بە ڕوسیا بۆ ئەوەی هێزی خۆی نیشان بدات و بیسەلمێنێ کە چیتر ڕوسیا ڕوسیای دوای شکستی بلۆکی ڕۆژهەلات و ڕوخانی دیواری بەرلین نیە، بەڵکو یەکێکە لە زلهێزەکانی دنیای تازە. ئەم هێرشەی ڕوسیا هەنگاوێکی ترە لە درێژەی دەخاڵەتی لە سوریا بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە جیهانی چەند جەمسەریدا مەحکەم بکات. دەیەوێ بڵێ ئەوە هەر ئەمریکا و ناتۆ نین کە دەتوانن و بۆیان هەیە بۆ هەر جێگایەک بیانەوێ لەشکرکێشی بکەن و جەنگ بەرپا بکەن، هەر ئەوان نین کە دەتوانن بە لەشکرکێشی ڕژێمە نەیارەکانی

خۆیان بروخێنن و بیگۆڕن و حکومەتی لایەنگر بەخۆیان بخەنەسەرکار. ئەم مافە قۆرخکراوی ئەوان نیە، منیش دەتوانم و مافم هەیە و ئەو کارە دەکەم. بۆ ئەم مەبەستە چوونی ئۆکرانیا بۆ ناو ناتۆی کردوە بە بەهانە و بەڵگەیەک بۆ نیشاندانی هێزی خۆی و ڕاگرتنی ئۆکرانیا لەژێر قەڵەمڕەوی نفوزی خۆیدا. ناتۆ هەر وەزعێکی هەبێت هیچ لەوە ناگۆڕێ کە لەم چەند ساڵەی دواییدا جەمسەری ئەمریکا بەردەوام سەرقاڵی پەرەپێدانی هێزەکانی ناتۆیە لە نزیک سنورەکانی ڕوسیا و ئەمەش ڕوسیای دوچاری نیگەرانی کردوە. ئەوەشمان بیر نەچێت ناتۆ بەهەر ڕادەیەک لاواز بووبێت و مانەوەی لەژێر پرسیار بێت، بەڵام لەو ئاستەدا نەبووە کە حیسابی نەمانی بۆ بکرێت. ئەم جەنگەش گیانێکی تازەی بەبەردا دەکات تەنانەت ئەگەر بۆ کورت ماوەش بێت.

**ئۆکتۆبەر: ئەم هێرشەی ڕوسیا بەشێکە لەو ڕەوەندەی میلیتاریزم کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە لەلایەن ئەمریکاوە دەستی پێکراوە و تائێستا چەندین شەڕ و کاولکاری بەسەر خەڵکی دنیادا لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناوە. ئەم ڕەوەندە ڕەوەندی ملهوڕی و خۆسەپاندنی هێزە ئیمپریالیستیەکانە بەسەر دنیادا لەپێناو دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز. لەکاتێکدا خەڵکی جیهان لە شەڕ و میلیتاریزم نەفرەت دەکەن و لەژێرباری هێرشە ئابووری و سیاسییەکانی چینی بۆرژوازیدا دەناڵێنن، دەبێ چی بکەن بۆ ئەوەی ئەم دەورانە کۆتایی پێ بێت؟ ئایا خواستی وەستانی شەڕ وەڵامدەرەوەیە یاخود ڕێگایەکی دیکە دەبێت بگیرێتە پێش!؟**

ڕێبوار ئەحمەد: بەر لەوەی باسی چیکردن بکەم دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەو ڕەوەندی میلیتاریزمەی باستان کرد کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە لەلایەن ئەمریکاوە دەستی پێکرابوو، شکستی خوارد و کۆتایی هات. بەڵام ئەم هێرشەی ڕوسیا بۆسەر ئۆکرانیا دەبێتە سەرەتای دەورەیەکی تازە لە میلیتاریزم و دووبارە گیان دەکاتەوە بەبەر ئەو سیاسەتەدا و ڕەواج و شەرعییەت و ڕەسمییەتی پێدەداتەوە. هەر لە ئێستاوە دەبینین کە دەوڵەتانی زلهێز زۆر ڕاشکاوانە پروپاگەندەی عەسکەرتاریەتیان گەرم کردوە و وای نیشاندەدەن کە ئاسایشی جیهان لە گرەوی هێزی سەربازی بەهێز و چەکداربوون بە چەکی مۆدێرن و تەنانەت چەکی ئەتۆمی و میلیتاریزمدایە. ئاکامەکانی ئەم دەورە تازەیە لە میلیتاریزم دەکرێت زۆر کارەساتبارتر بێت لەوەی کە تەنها خەڵکی ئۆکرانیا بکات بە قوربانی. هەروەها جگە لە لایەنی کوشتار و وێرانکاریی ئەم ئەزمەیە، زەمینەی بۆ پەرەگرتنی ناسیۆنالیزم و ڕەگەزپەرستی و سەرهەڵدانی جۆرەها ڕەوت و باندی ڕاسترەو و ڕاسیست و فاشیست و نەژادپەرست و بەرامبەرکێی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی خۆشکردوە.

دەربارەی ڕێگاچارە لە ڕاستیدا هیچ ڕێگاچارەیەکی واقعی نیە جگە لە شۆڕشی کرێکاری بۆ هەڵپێچانی گشت سیستەمی کەپیتالیستی بە جەنگ و میلیتاریزم و چەکی ئەتۆمییەوە، بە پۆتین و بایدن و ماکرۆنەکانیەوە. ڕێگاچارەی واقعی هاتنەمیەدانی چینی کرێکار و بەشەریەتی ئازادیخوازە لە دەوری ئاڵا و ئاسۆی سۆسیالیزم بۆ تارومارکردنی سەرمایەداری و هەموو نەهامەتییەکانی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی خاڵی لە جەنگ و چەک و میلیتاریزم و ئەو بەربەریەتەی کە جیهانی لەبەردەم مەترسی وێرانی و نابوتبووندا ڕاگرتوە. ئیتر بەڕاستی سەرمایەداری مەترسییە لەسەر خودی مانەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. هەر دەربارەی چیکردن و ئەوەی کە وەکو کاری دەستبەجێ پێویستە بکرێت، نەخێر تەنها دروشمی "جەنگ دەبێ ڕابوەستێ" کارساز و وەڵامدەرەوە و تەنانەت دروست و پێشڕەوانە نیە. ئەم جەنگە بەشێکە لە کێشمەکێشێکی گەورەتر و فراوانتر، دەبێ چینی کرێکار و بەشەریەتی ئازادیخواز دژی سەرتاپای ئەو کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیە و هەموو لایەنەکانی جەنگەکە بێنە مەیدانەوە. "جەنگ دەبێ ڕابوەستێ" بە تەنها، تەنها مانای وەستانەوە دژی هێرش و کارکردی ڕوسیای لێ دەردەچێت. بەڵام ئەی ناتۆ و ئەمریکا و پلان و کارکردە چەپەڵەکانیان بۆ میلیتاریزم و پاوانخوازی چی؟ ئەی ڕۆڵی زلنسکی و ڕژێمەکەی چی کە بووە بە دەسکەلا و بەرەوپێشبەری سیاسەت و پلانەکانی ناتۆ و ئەمریکا؟ بۆیە تەنانەت زلنسکی و ڕژێمەکەشی کە بەخوێنی لاوان و خەڵکی ئۆکرانیاوە نمایشی قارەمانبازی دەکات، مەحکوم و تاوانبارە، بەهۆی بوونی بە ئەڵقەلەگوێی ناتۆ و کردنی ئۆکرانیا بە مەیدانی جەنگی ئەم دوو بەرە کۆنەپەرست و پاوانخوازە. بە تەنها دروشمی "جەنگ دەبێ ڕاوەستێ" مانای حەقانییەتدانە بە ناتۆ، مانای حەقانییەتدانە بە پەیوەستبوونی ئۆکرانیا بە ناتووە. لە کاتێکدا بە هەمان ڕادە کە هێرشی ڕوسیا ناڕەوا و مەحکومە، پاوانخوازی ناتۆ ناڕەوا و مەحکومە، بەهەمان ڕادەش پەیوەست بوونی ئۆکرانیا بە ناتۆوە ناڕەوا و مەحکومە. بۆیە هەستان و هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی جیهان دەبێ لەدژی هەموو لایەنەکانی جەنگ و کوشتار و ئەو عەسکەرتاریەت و پشبرکێ تەسلیحاتییە بێت کە زلهێزەکان بەرپایان کردوە. پێویستە لە سەراسەری جیهاندا شەقامی شارەکان ببنە مەیدانی "نا" وتن بۆ جەنگ و میلیتاریزم و نیشاندانی قودرەتی گەورەی بزووتنەوەیەکی جیهانیی دژی جەنگ و میلیتاریزم و پاوانخوازیی هەموو لایەنەکانی ئەم کێشمەکێشە. تەنها هاتنەمەیدانی ملیۆنیی چینی کرێکار و بەشەریەتی ئازادیخواز و مەدەنی بەرامبەر جەنگ و ملهوڕی و پێشبرکێی تەسلیحاتی

سەرجەم جەمسەر و لایەنەکانی ئەم جەنگ و کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیە، دەتوانێ دەستی ئەم ملهوڕ و تاوانکارانە ببەستێ و سنورێک بۆ بەربەریەت و تاوانکارییەکانیان دابنێت، کە ئێستا بەسەر خەڵکی ئۆکرانیا هاتوە و ئەگەر بەری پێ نەگیرێت ئاکام و ئەنجامەکانی سنوری ئۆکرانیا تێدەپەڕێنێ و تەنانەت ئاکامەکانی بەشێوەی دیکە بەسەر خەڵکی هەموو جیهاندا دەشکێتەوە. بێگومان ڕۆڵی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ڕوسیا و ئۆکرانیا لە دژی جەنگ و میلیتاریزمی هێزە ئیمپریالیستەکان کاریگەریی زۆری دەبێت، بۆ نیشاندانی ئەوەی کە خەڵکی ئەم دوو وڵاتە هاودەنگ و هاوچارەنووسن و هیچ کێشە و دوژمنایەتییەکیان لەگەل یەک نیە. تەواو بە پێچەوانەی ڕژێمەکانی ئەم دوو وڵاتەوە کە لە دوو جەمسەری کۆنەپەرستدا بەرامبەر یەکیان گرتوە. سنووربەندیی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئەم دوو وڵاتە لە ڕژێمەکانیان دەتوانێ ببێتە پێشەنگی هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئەوروپا و سەرجەم جیهان بۆ بەرگرتن لە میلیتاریزم و پێشبڕکێی تەسلیحاتی و جەنگ و ماڵوێرانی.

هەر دەربارەی چیکردن بەدەرلەوەی هۆکاری ئەم شەڕە چیە و لایەنەکانی کێن، دەبێ هاوکات لەگەڵ "نا" وتن بە جەنگ و میلیتاریزم، هێرشی چەکداری و بۆمبابارن بۆسەر خەڵکی سڤیل و وێرانکردنی ژێرخانە ئابووری و خزمەتگوزارییەکان و خانە و لانەی خەڵک، بەبێ قەیدو شەرت مەحکوم بکرێن. دەبێ کردنی خەڵکی سڤیل بە قەڵغانی مرۆیی مەحکوم و ڕیسوا بکرێت. دەبێ هێرش بۆ سەر خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەدژی شەڕ و عەسکەرتاریزم مەحکوم بکرێت. سەپاندی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و برسی کردنیان هیچ پاساوێکی نیە و مەحکومە. هەرجۆرە ڕاسیزم و بەیەکدادانی خەڵکانی سەربە نەتەوە و ڕەگەز و وڵاتە جیاجیاکان دەبێ ڕیسوا و مەحکوم بکرێت. دەبێ یەکێتی و هاوچارەنوسی لەبەرامبەر ڕاسیزم و نەژادپەرستی و ناسیۆنالیزمدا پەرە بگرێت و دەنگ هەڵبڕێت...و... چینی کرێکار و کۆمۆنیزم ئەرکی پێشڕەوانەیان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ پەرەگرتنی ئەم ڕەوەندە و هێنانەمەیدانی بزووتنەوەیەکی جیهانی و ئەنتەرناسیۆنالیست لەپێناو مەحکوم کردنی سەرجەم پلان و نەخشە و هەنگاوەکانی هەموو جەمسەر و لایەن و زلهێزە جەنگخوازەکان و بەستنی دەستیان لەو جەنگ و پاوانخوازی و پێشبڕکێی تەسلیحاتی و میلیتاریزمەی دەستیان پێکردوە.

☆

## درێژەی ......یادی ڕاپەڕین!

**عوسمان حاجی مارف**

تاسواری سەری تورەیی و نارەزایەتی چەند ساڵەی خەڵکی کوردستان بێت بۆ وەستانەوەو ڕزگاربونیان لەدەستی چەپەڵی حکومەتی بەعس و ناسیۆنالستی عەرەبی.

ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەهەر کەموکوڕی و نارۆشنیەکەوە ئەتوانین بڵێین، هێمای هاتنە مەیدانی ڕیزێکی بەرین لە جەماوەری نارازی کوردستان بوو کە بۆ چەند دەیە دەیانناڵاند بەدەست بێئیرادەیی و سەرکوت و ئەوپەڕی چەوسانەوەو بێمافیەوە، بەدەست زیندان و لە سێدارەدان و ئاوارەیی و کوشتنی بە کۆمەڵەوە. بە هەرجۆرێک و لەژێر کاریگەری هەر هەلومەرجێکی سیاسیدا جەماوەری کوردستان وەها تینوو تامەزرۆی ڕزگاری و ئاسودەیی و ئەمنیەت و خۆشگوزەرانی بون، تروسکایی ڕزگاری لەدەست حکومەتی بەعس لە هەر شوێنێکەوە دەرکەوتایە بەرەو پیری دەچون، هەر هێزێک بەهەر پۆشاک و ئاڵاو ڕەنگێکەوە دەرکەوتایە باوەشیان بۆ دەگرتەوە. بێئیرادەیی و بێئومێدی بەجۆرێک لەناخی خەڵکی کوردستاندا چەسپێنرابوو، ئەگەر هەر شەیتانێک سەدام و حکومەتی بەعسی وەلابنایە فەرشی سوریان بۆ ڕادەخست. هەرئەم ئاراستەیە لە بیرکردنەوەی جەماوەری نارازیدا خالێکی گەورەی لاوازی ئەو ئومێدەی خەڵکی بوو کە بەهەر قیمەت و هەر فرسەتێک کۆتایی بەدەسەڵاتی بەعس و سەدام بهێنرێت، پێشوازیان لێدەکردو شاییان بۆ سازدەکرد.

کارامەیی حزبەکانی کوردایەتی لەوەدا بوو، لەو هەلومەرجەدا لەلایەک بوونە پاشکۆ و پێشخزمەتی و جێبەجێکەری بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا، لە لایەکی ترەوە سود وەگرتنیان بوو لە ئاستی نارۆشنی ئایندەیەک کە بێئیرادەیی سەپاندبوو بەسەر خەڵکیدا. خەڵکیان لەژێر کاریگەری ئاسۆی ناسیۆنالیستی و دەربازبون لە دەسەڵاتی بەعسدا کردە قوربانی بەرژەوەندی ئەجنداو نەخشەی سیاسەتەکانی بەرەی کوردستانی کە لە سایەی هێزە میلیشیاکانی بنەماڵەیی پارتی و یەکێتیدا خۆی دەنواند.

بەرپابوونی جەنگی کەنداو بە باڵادەستی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بە ناوی ڕزگاری کوەیتەوە، لەلایەک ئەم جەنگە کەجێگای نارەزایەتی و خۆپیشاندانی دەیان ملیۆن ئینسان بوو لە جیهاندا، بەڵام لەلایەکی ترەوە جێگای ئومێدو پێشوازی بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق و کوردستان بوو. لە هەمان کاتدا حزبەکانی کوردایەتی تەواو بوونە پاشکۆی ئەو جەنگە

دژی ئینسانی و ویرانکەرە، کە لەساڵی ٢٠٠٣دا دوای داگیرکاری تەواوی عێراق، ناویان نا پرۆسەی "ئازادیی عێراق".

لە راستای ئومێد بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی بەعس و سەدام لە کوردستانداو پەیوەستبونی خەڵک بە ئاسۆی ناسیۆنالیستی و دەوری ئەمریکاوە، ئاسۆو پێگەی راپەرینی ١٩٩١ تەواو نابینا کردبوو، چونکە "پالەوانیەتی"پاشکۆبونی هێزە میلیشیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە بەرژەوندی و سیاسەتەکانی ئەمریکاوە، خستنەروی ئەلتەرنەتیفێک بوو لە بەرامبەر ئیرادەی هێزی جەماوەری و نوێنەرایەتی دەسەڵاتی جەماوەریدا، ململانێی بێئیرادەبون لەبەرامبەر دەسەڵاتی بەعسدا،جارێکی تر گواسترایەوە بۆ بێئیرادەیی لەژێر دەسەڵاتی هێزو دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا، کە سی و یەک ساڵە بەسەر ئایندەو چارەنوسی نادیاری خەڵکەوە باڵادەستی هەیە.

بێئیرادەکردنی خەڵک لە لایەن هەر دەسەڵاتێک و بە هەر شێوازێک بێت بەجیا لەوەی پێشێلکردنی ئازادی و سەرکوتی سیاسیە، هەروەها بەرهەمهێنەری فەزای زیاتری نائەمنی و تالانی و جەردەیی و گەندەڵی و دزیی و درندەییە.

هەربۆیە بزوتنەوەی کوردایەتی و یەکێتی و پارتی و بنەماڵەکان، شانازی بەو راپەرینەوە دەکەن و هەموو ساڵێ جەژنی رۆژی راپەرین دەکەن، چونکە راپەرین و دەوری ویرانکاری ئەمریکا پێکەوە، تەنها نازو نعمەت و دەستکەوت و فرسەتی گەورەترین کەڵەکەی سەرمایە بووە بۆ هێزو حزبەکانی کوردایەتی و سەرکردەکانی، بەڵام مایەی کارەسات و نا ئەمنی و نائارامی و ناجێگیر سیاسی و بەڵای بەردەوام و ئاوارەیی بووە بۆ ژیان و گوزەرانی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش و هەژارو نەداری کوردستان.

حزبەکانی کوردایەتی بە دەسەڵاتدار و بەناو ئۆپۆزیسیۆنەوە بەو کردەوەو سیاسەتەی گرتویانەیەتە پێش بەرامبەر بە دۆخی ئێستا، رەواج بە فەزایەک ئەدەن کە پەشیمانی بۆ هەر راپەرینێک بەسەر خەڵکدا بسەپێنن، دەیانەوێ وێنایەکی بەدبەختی ببەخشن بەوەی کە راپەرین کاریگەری زیانەکانی زۆر زیاترە لە سودەکانی بۆ ژیان و گوزەرانی خەڵک، راپەرین بۆ ئەوان تەنها مانای ئەوەیە کە کۆتایی بە حکومەتی بەعس هێنراوە، واتە راپەرین بەدوای روخانی حکومەتی بەعسدا ئیتر کۆتایی هاتووەو مانایەکی نەماوە، تەنها وەک بۆنەو یادکردنەوەیەک دەمێنێتەوە، نەک ئەوەی کە لە ئێستاشداکاری پێشڕەوانەیە ئەوەیە کە دەست ببرێ بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی بنەماڵەو پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانەکانیان، کە پێویستە بەیەکگرتویی و ئیرادەی سەربەخۆی خەڵکەوە پەیرەوی بکرێت.

راپەرین بۆ ئێمەو جەماوەری نارازی بە مانایەک یادکردنەوە دەبێت، کە وەک ئەزمونێک دەرس لە پێشڕەویی و کەموکوریەکانی وەربگرین، راپەرینی فراونی جەماوەری و سەراسەری لە کوردستاندا کارسازترین رێگایە بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتێک کە نامانەوێت و نەفرەتی لێ دەکەین، راپەرینێک کە دەورودەخالەت و ئیرادەی جەماوەر بۆ دەسەڵاتی سیاسی مسۆگەر بکات، راپەرینێک کە سنوربەندی لە بەرامبەر ئاسۆی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی سیاسی و هەر ئایدۆلۆژیایەک بکات کە رۆڵی سەرەکی دەبینن لە گۆشەگیرکردنی ئیرادەو دەوری کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی نارازیدا.

پێویستە هەنگاوەکان بەرەو راپەرین پێشوەخت رێکخراوو رۆشن و نەخشەمەندانەو خاوەن رابەری بەتواناو رادیکال و پەیگیر بێت.

لاوازیەکانی راپەرینی ١٩٩١ جگە لە رق و کینەو تۆڵە لەبەرامبەر حکومەتی بەعسدا شتێکی تری لەخۆ نەگرتبوو، هەربۆیە حزبەکانی کوردایەتی توانییان خۆیان بکەنە خاوەنی و دەستکەوتێکی گەورە بۆ هێزەکانیان و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و داگیرکاری و دەستبەسەراگرتنی تەواوی سەروەت و سامانی کوردستان بۆ خۆیان دابین بکەن. راپەرین و شۆرش بۆ ئاڵوگۆری ریشەیی دەبێت بۆ دابینکردن و دەستەبەرکردنی دەورو دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک بێت لەدەسەڵاتی سیاسیدا، نەک تەنها دەربرین بێت لە رق و تۆڵەو راماڵین.

★

**- ناسیۆنالیزمی کورد و حزبەکانی لە هەناوی ئاڵوگۆڕەکانی دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا چارەنووسی خۆیان شەتەک دا بە سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، بەوجۆرەش توانیان بەدەسەڵات بگەن و لەسەر کورسی دەسەڵات بمێننەوە. بەڵام کۆتایی هاتنی شەڕی داعش و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دوچاری ناکامی و تەریک کەوتنەوە و گێژاوی گەورەی کردن و ناکۆکیەکانی ناوخۆی بورژوازی کوردی . ئەوانە لەگەڵ گێژاوی فیدرالیزم و فشارە بەردەوامەکانی بەغدا و سەرئەنجامیش ناکامی و کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە و دەستپێکردنی ئەم ڕەوەندە تازەیە، دەسەڵاتی بورژوازی کورد و ئەزموونەکەیانی لەگەڵ دەورەیەکی نوێ لە بێئاسۆیی و سەرگەردانی و ناکۆکی ناخۆ بەرەوڕوو کردووە و دەورانی زێڕینیان ڕووی لە لێژی کردووە. ئەم ڕەوتە کوردستانی خستوەتە بەردەم دەورەیەکی ناجێگیر و سیناریۆگەلی جیاوازەوە، تا ڕادەیەک کە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی حزبە ناسیۆنالیستەکان لە بەردەم ئەگەری جۆراوجۆردا قەراری گرتوە.**

# خەبات لەدژی دۆخی ناهەمواری ژنان روویەکی تری واقیعەتی کۆمەڵگەی کوردستانە!

**دەشتی جەمال**

ئەم رۆژانە ١١١ ساڵ بەسەر بەفەرمی ناسینی ٨ی مارس، رۆژی جیهانی ژنان، رۆژی دەربڕینی نارەزایەتی و ڕاوەستانەوە بەرووی هەرجۆرە جیاکاری و بێمافییەکی ژنان تێپەڕ دەبێت. لەگەڵ ئەوەدا لەدنیای ئەمڕۆدا و لە ئاکامی خەباتێکی بەردەوام و نەپچراوەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بەشێکی بەرچاو لە مافە فەردی و مەدەنییەکانی ژنان بەدەستهاتووە، و حکومەتەکانی ناچار کردووە کە بەشێک لە مافەکانی ژنان لە یاساکاندا جێگیر بکەن، بەلاَم هێشتا چەوساندنەوە و توندوتیژی و نایەکسانی و ستەمکێشی ژنان روویەکی قێزەونی نیزامی سەرمایەدارییە. لەو کۆمەڵگایانەی کە یاسای دینی و کەلتوری کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و نەریتە کۆنەکان ریشەیان هەیە، ستەمکێشی ژنان و بێمافی و ژێردەستەیی بەئاشکراترین شێوە بەرێوە دەچێت. هەر بۆیە خەبات و تێکۆشان بۆ لەناوچوونی دابەشبوونی ئینسانەکان بەسەر چینەکان و کۆتاییهێنان بە نایەکسانی ئابووری و کۆمەلایەتیی نێوان ژن و پیاو بەشێکی جیانەکراوەیە لە خەبات بۆ هەڵگەڕانەوەی ئەم سیستەمە و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان.

لە کوردستان لەژێر سایەی سیستەم و دەسەلاتدارێتی بۆرژوازی کورددا، ژنان بە شێوەیەکی بەردەوام رووبەرووی کوشتن و توندوتیژی و ئەتک کردن و گێچەڵ و سوکایەتی پێکردن و ناچارکردن بە خۆسوتاندن و خەتەنەکردنی کچانی مناڵ و دەیان دەرد و کێشە بوونەتەوە. ئەم رۆژانە هەواڵی سوتاندنی شنیار هونەری ٢١ ساڵ لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لە شەوی ١٩ی شوباتی ٢٠٢٢ لە شاری سلێمانی کە ناخی هەموانی هەژاند و جارێکی تر وێنەیەکی تری تراژیدیایی پەلاماردانی سەندنەوەی مافی ژیان لە ژنان خستەوە بەردەم کۆمەڵگای کوردستان و شنیاریش چووە ریزی لیستێکی بێکۆتایی لە قوربانیانی توندوتیژی و فەرهەنگی کۆنەپەرستی پیاوسالاری، تاوانبارانیش زۆرجار بە بریاری پەرلەمان و یاسای کۆنەپەرستانەی دەسەلاتداران لەژێر ناوی لێبوردنی گشتیدا رزگار کراون، وەیان بەشێوەی سولحی عەشایەری لەسزاکانی خۆیان دەربازکراون، جگە لەو یاساورێسا دواکەتووی و کەلتوری ناموسییانەی کە دەستوپێگیرە وە ئیرادەی سەربەخۆی ژنانی کوردستانی لە قالبداوە. ئەمە لەپاڵ ئەوەی لەگەڵ هەر رووداوێکی کوشتنی ژنان و کوشتنێکی ناموسیدا رێگە بۆ مەلا و بانگخوازەکانی ئاوەلابووە کە لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو حزبانەدا وە یان مینبەری مزگەوتەکانەوە پاساو بۆ کوشتنی ژنان بهێنرێتەوە و زۆرجار سوکایەتی و بێرێزی و تەشهیر و زمان زبری بەکەسایەتی ژنان بکەن. ئەمەش ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە سیستەم و دەسەلاتێک لە کوردستاندا بالادەستە پارێزەری ستەمکاری و پیاوسالاری و سوکایەتیکردنە بە حورمەت و کەسایەتیی ژنان. سیستەمێکی سیاسی ئاوێزان لەگەڵ رەوتە ئیسلامییەکان و مەلاکانیان کە لەنێو وەزارەتی ئەوقافدا کۆکراونەتەوە. هەر بۆیە هەر ئالوگۆرێک لە ژیانی ژنان و دانانی سنوورێک بۆ بەرگرتن بە کوشتنی ژنان و بێمافییان، راستەوخۆ رووی لە بەرپرسیارێتیی دەسەلاتدارانە لە کوردستان.

لە دەرەوەی ولاتیش ژنانی پەنابەری کوردستان کاتێک روو لە ولاتانی ئەورووپا دەکەن بەهۆی یاساکانی پەنابەری و سیاسەتی "فرەکەلتووری" ولاتانی ئەورووپا لەژێر ناوی رێزدانان بۆ فەرهەنگی خۆ، لەگەڵ ئەوپەری بێمافی و جیاکاری بەرەورووو دەبن و هەمان فەرهەنگی پیاوسالاری و دینی و نەتەوەیی و بوون بەپاشکۆی پیاو، ژنانی لەگەڵ توندوتیژی خێزانی و سوکایەتی وە تەنانەت کوشتن رووبەرووکردوتەوە. کەم نین ئەو تاوانانەی کە لەنێو جالییەی کوردیدا روویانداوە کە ژنان لەلایەن کەسوکار وە یان مێردەوە رووبەرووی لێدان و توندوتیژی و کوشتن بوونەتەوە. هەموو ئەمانە گەواهی ئەوە دەدەن کە هەمان ئەو سیستەمە دژی ژنەی کوردستان کە لەژێر سایەی دەسەلاتدارانی کوردستاندا بەرێوە دەچێت کاریگەریی داناوە و گوێزراوەتەوە نێو جالییەی کوردی وە تەنانەت تاوانبارانیش زۆر جار پەناگەی سەلامەتی خۆیان لە کوردستان دۆزیوەتەوە لەلایەن دەسەلات و حزبەوە داڵدە دراون.

کەوایە ئەگەر دەسەلاتی کۆنەپەرست و ناسیونالستی و ئیسلامییەکان ئەلگۆیەکی ناشرینی دەسەلاتی دژە ژن بن، ئەوا سیما و روخساری کۆمەڵگای کوردستان نیە، بەڵکو وەستانەوە و خەبات لە دژی دۆخی ناهەمواری ژنان و بێمافییەکانیان، لە دژی دەسەلاتی دژەژنی کوردایەتی روویەکی تری گەشاوە و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگای کوردستانە. بەرامبەر بەم دۆخەی ژنان لە کوردستان هەوڵێکی چروپڕ و خەباتێکی هەمەلایەنەی کۆمەلایەتی و فکری و فەرهەنگی دەخاتە ئەستۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی ژنان و پیاوانی کوردستانەوە لەدژی کوشتنی ژنان و پێگەی پیاوسالاری و ئەخلاقیات و نەریتە دژە ژنەکان. لەپاڵ بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا، رۆڵی خۆی بگێرێت، هێز بدات بە بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کۆمەڵگا بخاتە پشت سەری خۆی و ئەلگۆی پشتبەخۆبەستن و نواندنی ئیرادەی سەربەخۆ، بهێنێتەوە مەیدان لەپێناو دامەزراندنی سیستەم و دەسەلاتێکی جەماوەری کە سەرجەم ماف و ئازادییەکانی ژنان و سەرجەم چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر بکات.

٦/٣/٢٠٢٢

# نا بۆ جیهانێکی میلیتارستی نا بۆ جەنگ!

دوای چەند مانگ لە پروپاگەندەی جەنگی و جوڵەی سەربازی ڕوسیا و ناتۆ و کوتانی تەپڵی جەنگ لەلایەن میدیای ڕەسمی بۆرژوازیەوە، سەرئەنجام هێرشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، کە ترسێکە و چەند مانگە باڵی بەسەر ژیانی خەڵکی سەراسەری جیهاندا کێشاوە، ڕوویدا.

بەپێچەوانەی پروپاگەندی میدیای ڕەسمی وڵاتانی بۆرژوازیەوە، دونیا ڕووبەڕووی جەنگی جیهانی سێهەم یان گەڕانەوە بۆ سەردەمی جەنگی سارد نییە. بەڵکو ئەمجارە بریارە خەڵکی ئۆکرانیا، لەپاڵ خەڵکی عێراق و ئەفغانستان و سوریا و لیبیادا، باجی تەسفیە حسابی هێزە جیهانیەکان بە ماڵویرانی و ئاوارەیی و ... هتد بدەن و ببنە قوربانی ئەم هێزانە لەپێناو دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان و دیاریکردنەوەی ناوچەی نفوزیان.

ئەم هێرشە دەستپێکی ڕۆچونی جیهانە بەرەو قۆناغێکی تازە لە پێکدانان و کێشمەکێش و سەربازگیری بلۆکەکان. قۆناغێک کە چین و ڕوسیا وەک هێزێکی گەورەی ئابوری لەبەرامبەر پەلامارە سەربازی ومیلیتاریستیەکانی ناتۆدا، وەک هێزێکی میلیتاریستی خۆیان دەردەخەن و لە کەنار ئەمریکا و ناتۆدا، عەسکەرتاریەتی بێپەردە و دەخاڵەتگەری و هێرشی سەربازی وەک سیاسەتێکی ڕەسمی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشمەکێشانەیان گرتۆتەبەر. قۆناغێک کە ئیتر ئاڵوگۆڕکردنی ڕژێمەکان)ڕژێم چێینج(، میلیتاریزمی بێپەردە، پەلاماردانی سەربازی و داگیرکاری لەپێناو بەلاداخستنی کێشمەکێشەکان یان چاوترسێنکردنی حەریف و هاوپەیمانانی بەرامبەریان، تەنها قۆرغکراوی ئەمریکا و ناتۆ نییە! ڕوسیا بە هێرشەکەی بۆ سەر ئۆکرانیا گیانی کردەوە بە بەر لاشەی بێگیان و لاکەوتەبووی میلیتاریزمدا. ڕاگەیاندنی ڕەسمی و بێ پەردەی ڕوسیا سەبارەت بە " پێویستی دەوڵەتێکی پرۆ ڕوسی لە ئۆکرانیا"، دوبارەکردنەوەی پاساوگەلێکی وەک "مەترسی ئۆکرانیای خاوەن چەکی ئەتۆمی" لەپێناو "ئەمنیەتی جیهان"دا، کە چەند دەیەیە لەلایەن ڕۆژئاواوە، بەسەرکردایەتی ئەمریکا دەبرێتە پێشەوە، ڕەوایەتیدانەوە و زیندوکردنەوەی سیاسەتە شکستخواردووەکان و هەمان ئەو کۆنەپەرستیەیە کە مرۆڤایەتی هاوچەرخ ساڵانێکە لەبەرامبەریدا ڕیزی بەستوە و ڕاوەستاوە و بەرەودواوەی بردووە.

هێرشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و زیندوکردنەوەی میلیتاریزم و ملهوڕی سەربازی کە ئەمجارەیان لەلایەن ڕوسیاوە گیراوەتەبەر کاریگەری جدی لەسەر دۆخی نائارامی جیهان، بلۆکبەندی و سەربازگیریەکانی نێوان ناتۆ و بلۆکی ڕوسیا و چین، لەسەر ڕیزبەندی هێزە سیاسیەکان و دواجاریش لەسەر گەشەی میلیتاریزم و گەرمکردنی تەنوری پروپاگەندەی جەنگی لە جیهاندا دادەنێت. هێشتا دووڕۆژ لەم هێرشە تێنەپەری بوو کە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن لەجیهاندا دەستی پێکرد. بودجەی سەربازی دەوڵەتانی بۆرژوازی چەند قات زیادی کردووە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی خراوەتە دەستوری دەوڵەتانی بۆرژوازیەوە، لەوانەش بیلاڕوسیا.

بلۆکە جیهانیەکان تەواوی هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە کە زۆرترین سود لە کابوس و جەهەنەمێک کە بۆ خەڵکی ئۆکرانیا پێکهێنراوە وەربگرن. ڕوسیا زۆرترین سوود دەبینێت لەم هێرشە و لەبێتوانایی ناتۆ لە دەخاڵەتکردن لەم قەیرانەدا بۆ چاوترساندنی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە هاوپەیمانی ئەمریکان. لە بەرامبەردا ئەمریکا هەوڵدەدات ناتۆی لەدەست دەرچوو بە "مەترسی ڕوسیای ئەتۆمی" زیندوبکاتەوە و هاوکات لە بەرامبەر مقاوەمەتی دەوڵەتانی ئەوروپایدا، هەژمونی خۆی بەسەر یەکیەتی ئەوروپادا بپارێزێت. هەوڵدان بۆ برەودان بە دۆخی نائارامی و وروژاندنی ناسیونالیزمی ڕوسی و ئەوروپایی، یان ناسیونالیزمی ئۆکرانی، کە ئەمڕۆ میدیای ڕاستڕاوانە فوی پێدادەکات، کاریگەری خراپی خۆی بەسەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهاندا، دادەنێ.

ئەمڕۆ چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی جیهان کە لە جەنگ و میلیتاریزم و وەحشیگەری هێزە جیهانیەکان بێزاربوون، دەڵێن نا بەم جەنگ و میلیتاریزمەکردنەی جیهان!

ئێمە وەک حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەکەنار چینی کرێکاری جیهاندا، بۆ دەستکۆتا کردنی هێزە کۆنەپەرستەکان بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیەوە و لە دژی ئەو دەوڵەتانەی پرچەکن و ئەتوانن لە چاوتروکانێکدا ژیانی ملیۆنەها ئینسان لەگەڵ مەترسی مەرگ و تیاچوون ڕووبەڕووبکەنەوە، ڕاوەستاوین.

جیهان بەبێ ئەو هێزانەی کە خۆیان سەرچاوەی نائارامین و هۆکاری هەموو تاوانەکانی دژی بەشەریەتن، جیهانێکی ئارامتر و ئینسانیتر دەبێ.

کۆتاییهێنان بەم وەحشیگەریە و بڕینی دەستی پۆتینەکان و بایدنەکان و ماکرۆنەکان لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ و ئاسایشی جیهانی و گەیشتن بە ژیانێکی بێ جەنگ و خوێنڕشتن و کوشتار و کۆمەڵکوژی، کاری ئێمە و چینی کرێکاری جیهانی و بزووتنەوە ئازادیخوازی و کۆمەڵایەتیەکانە لە جیهاندا.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**حزبی حیکمەتیست /خەتی ڕەسمی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١ ی مارسی ٢٠٢٢**